# دەروازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان

فەهمی کاکەیی

## پێناسە

فەلسەفە و مێژووی ئایینی یارسان وەک زۆربەی ئایینە باتنییەکانی دیکە زۆر تەم و مژاوییە، لە لایەکەوە ئەم فەلسەفە و مێژووە و تەواوی نووسراوەکانی بە نهێنی پارێزراون و ڕێ وڕەسمەکانی بە نهێنی ئەنجام دەدرێت و لە لایەکی دیکەوە یارسان ئایینێکی تەبشیری نییە، واتە بە دوای ئەندامانی نوێدا ناگەڕێت، بۆیە پێویستی بەوەش نییە باسی خۆی بۆ کەسانی غەیرەدین بکات. ئەوەی لە دایک و باوکێکی یارسانی لە دایک بووبێت دوای بەدەست بردن دەکەوێتە سەر ڕێبازی ئەم ئایینە. لەبەر ئەو هۆیانە باوەڕمەندانی ئەم ئایینە بە خۆیان باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئایینەکە نەکردووە و ئەوانەی دەرەوەی ئایینەکەش نەیانتوانیوە لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر بکەن. ڕاستە لە سەدەی پێشوودا چەندین بڵاوکراوە لە شێوەی کتێب و لێکۆڵینەوە خراونەتە بەر دەستی خەڵک، بەڵام دیسانەوە ئەو نووسراوانە یەکبیر و یەکگوفتار نین و وێنەیەکی تا ڕادەیەک لێڵ بە خوێنەران دەدەن و هەر یەکەو دەیەوێت بە پێی بیروبۆچوونی خۆی باس لەم ئایینە بکات. زۆربەی جاریش بە بێ ئەوەی پەنا بباتە بەر دەقە ئاینییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچووکان. هەر بۆیە من هەوڵ دەدەم لەم ماوە کورتەدا بە پێی توانا و بە پشتبەستن بە سروودە ئاینییەکان دەروازەیەک بە ڕووی ئەم ئایینەدا بکەمەوە بۆ کەسانێک کە خۆم وای بۆ دەچم دەیانەوێت هێڵە سەرەکییەکانی ئایینەکە بزانن. کەوا بوو فریا ناکەم نە دید و بۆچوونی خەڵکی تر کە لەمەوپێش لەسەر ئەم ئایینە نووسیویانە بخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و باس و نە دەتوانم بە تەواوی لە ڕەگ و ڕیشەی مێژینەی ئایینەکە بکۆڵمەوە.

ئەم ئایینە جگە لەوەی ئایینێکی یەکتاپەرستییە، وەک پێشتریش گوتمان تەبشیری نییە و بە نهێنی پارێزراوە، هەروەها دەتوانین بڵێین چ پەیامبەرێکی نییە کە لە لایەن ئێزدانەوە نێردرابێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئایینی یاری یان یارسان باوەڕی بە دۆنایدۆن هەیە و مەولا (خودێ) خۆی دێتە سەر زەوی و هەنگێن یارانیشی لەگەڵدایە. هاتنی مەولا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا گیانەوەرێکی بەگومانە و بۆ ئەوەی باوەڕ بە شتەکان بکات پێویستی بە بەڵگەی بینراو هەیە، تەناتەت پێویستی بەوەش هەیە جار جار خودا لە شێوەی مرۆڤدا خۆی پیشان بدات. کەوابوو ئەی بۆ دەڵێین ئایینێکی نهێنییە کاتێ کە مەولا دەبێت خۆی ئاشکرا بکات؟ لە ڕاستیدا سوڵتان سهاک کە نۆژەنکەرەوەی ئەم ئایینەیە بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ ئایینەکە کردووە، هەروەها ئەوانەی بەر لە ئەویش هاتوون، وەک بالوولی دانا، شاخۆشین، بابا ناووس و بابا سەرهەنک، بەڵام لەبەر ڕاونان و ئەزیەتدانیان لە لایەن کەسانی دژ بەم ئایینەوە بە تایبەتی مەلاکانی شارەزوور، سوڵتان سهاک ناچار بووە بۆ پاراستنی ئایینەکە و یارانی بیکات بە نهێنی، ئەمە بۆچوونی منە، چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە نهێنی بووبێت ئەدی ئەو خەڵکە چۆن کەوتنە سەر ئەم ڕێبازە؟ بەربەرەکانێی ئەم ئایینە لە لایەن مەلاکانی شارەزوورەوە لە سروودەکانی دەورەی سوڵتان سهاکدا ڕوون و ئاشکرایە. عابەدینی جاف کە یەکێک بووە لە زاناکانی هەرە بەرزی سەدەی هەشتەمی کۆچی و لە لای مەلا ئەلیاسی شارەزووری فقهی ئیسلامی خوێندووە و پاشان سەری بە ئایینی یاری سپاردووە، لە لایەن مەلاکانی دیکەوە زۆر ئەزیەت دراوە و دژایەتی کراوە. عابەدینی جاف لە یەکێک لە سروودەکانی دەفەرموێت:

ئێوە هەر چەند داتان لێمان  
ئەجر و گونا نەما پێمان  
کردەی قەدیم هاتە ڕێمان  
وەکوو کوورەی ناری حەدداد  
قاڵ بووین بە دار قەومی شەدداد

ئەمجار وەختە بێینە فەریاد
....
دڵخۆشیمان بدەن لە جەم
بە شادی بێ ئەم کوورەی غەم
زولاڵ ببین لە تۆز و تەم
هەرچەند وڵاخ لێیدەن بە دار
زیاتر دەڕوا دەبێ ڕەهوار
زووتر دەخەن لە کۆڵی بار

## ناوی ئایینەکە

ئەم ئایینە و پەیڕەوانی زۆر ناویان لێ نراوە، باوترینیان سێ ناون کە لێرەدا لێیان دەکۆڵینەوە، ئەویش: کاکەیی، ئەهلی حەق و یارسان.

**کاکەیی:** هەر وەک دیارە بۆ هەموو لایەک ئەم ناوە لە وشەی (کاکە)وە سەرچاوە دەگرێت، کاکە لێرەدا بە مانای براگەورە دێت، هەرچەندە لە هەندێ شوێنی کوردستاندا بە تایبەتی لە گەرمیان وشەی کاکە لە جیاتی (بابە)ش بەکار دەبرێت. دیارە پەیڕەوانی ئەم ئایینە بە وشەی (کاکە) یەکتریان بانگ کردووە لە لایەکەوە وەک ڕێزلێنان، واتە تۆ کاکەی منی، یانی براگەورەی منی، لەلایەکی ترەوە وەک هاوباوەڕ، یان هاوبیر. ڕیشەی ئەم وشەی( کاکە)یە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی، کە لە شارۆچکەی بەرزنجەی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە باشوری کوردستان، لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچی، هاتووەتە دونیاوە. سوڵتان ئیسحاق بە نوێکەرەوە و یاسادانەری ئەم ئایینە دەمێژدرێت. لە لایەکی دیکەوە وشەی (کاکە) یان (کاکەیی) لە هەندێک لە سروودە ئایینییەکانی دەورەی سوڵتان ئیسحاق ناو دەبرێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە هەندێک لەو سروودانە وەک نموونە دەهێنینەوە.

شا ئیبراهیم کە کوڕی سەید موحەممەدی گەورەسوارە، لە یەکێک لە سروودە ئایینیەکانیدا کە بە زاراوەی (گۆران)بیە و باسی دۆنایدۆنی خۆی دەکات، دەفەرموێت:

ئیبراهیم نەسەر
بەقای دەور دین یاریم کەفت نەسەر
ئیبراهیم بیانم فەرزەند ئازەر
بتم شکست دا بیم وە پێغەمبەر
کاکام یادگار ئیسماعیل بیانی
سەرش بی وە ڕای حەق وە قوربانی

لێکدانەوە: لە سەرەتاوە من ئیبراهیم بووم (مەبەست ئیبراهیم پەیامبەرە)، من بتەکانم شکاند و بووم بە پەیامبەر، کاکە یادگار لە دۆنی ئیسماعیل بوو (مەبەست ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم)ە کە لەڕێی (حەق)دا کرایە قوربانی. کاکە یادگار، ناوی سەید (ئەحمەد)ە و بە (باوە یادگار) ناسراوە، یەکێکە لە گەرەپیاوانی کاکەیی و هاوچەرخی سوڵتان بووە، ئەندامی بازنەیەکی ئایینیە بە ناوی (هەفتەن)، هەروەها بەرپرسی کاروباری عیرفانییە.

هەروەها عابەدینی جاف کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە و سروودەکانی خۆی بە شێوەزاری کرمانجیی خواروو یان جافی نووسیوە، دەفەرموێت:

ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم
بەڵەدمی کرد شای شاسوارم
منی خستە سەر ڕێی ڕاسی
هەتا بژیم بە بێکاسی
من (عابەدین)ی کاکەییم
ئاخر بە مەرامی خۆم گەییم

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە هەموو پەیڕەوانی ئەم ئایینە، ئەوانەی لە پانتاییەکدا دەژین کە ئەمڕۆ بە باشووری کوردستان ناسراوە بەم ناوەوە ناسراون، واتە کاکەیی.
کەچی هەموو پەیڕەوانی ئەم ئایینە، ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، پییان دەگوترێت (ئەهلی حەق)، مەبەست لە وشەی حەق لێرەدا خودایە، یان ئێزدان، یان مەولا، کەواتە ئەهلی حەق، بە مانای خەڵکی خودا دێت، یان خوداپەرستان. وشەی حەق لە سروودە ئاینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام من بە خۆم (ئەهلی حەق) وەک دەستەواژەیەک بەرچاوم نەکوتووە، لێ ئەهلی حەق بە تەواوی بەرامبەر وشەی (یارسان)ە، کە لێرەدا شیی دەکەینەوە.

## دوو لێکدانەوە هەن بۆ وشەی یارسان:

لێکدانەوەی یەکەم: ئەم وشەیە لێکدراوە لە دوو وشەی (یار) و (سان)، وشەی یار بە مانای خۆشەویست، دڵبەر، دڵدادە، هاوڕێ، هاوبیر و هتد..، وشەی (سان) سووککراوی وشەی (سوڵتان)ە، مەبەست لە سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجییە کە پێشتر ئاماژەمان پێی دا، لە ناوچەی هەورامان وشەی سولتان سووک دەکرێتەوە یان کورت دەکرێتەوە بۆ (سان)، بەم شێوەیە (یارسان) واتە یارانی سوڵتان ئیسحاق، تەنانەت ئیسحاقیش دەکرێت بە سهاک، ئەم ناوە لە سروودە ئاینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە،

لیکدانەوەی دووەم: وشەی (یارسان) سووککراوی وشەی (یارستان)ە، کە لێرەدا پاشگری (ستان) بە بۆچونی من بە مانای شوێن یان وەڵات نایەت، وەک لە وشەی کوردستان و هیندوستان و پاکستان و ئەوانی دیکە، بەڵکو بە مانای پەیڕەوان یان باوەڕمەندان دێت، مەبەست لە وشەی (یار) خودایە، کەواتە یارستان بە مانای خەڵکی خودا، یان خوداپەرستان دێت، کە لەگەڵ ئەهلی حەقدا یەک دەگرێتەوە.

ئەم لێکدانەوەیەی دوایی بە بۆچونی من لە ڕاستییەوە نزیکترە وەک لەوەی یەکەم، بەڵگەم ئەوەیە کە ئەم ناوە بەر لە پەیدابوونی سوڵتان سەهاکیش هەبووە، بە تایبەتی لە سروودەکانی موبارەک شای لوڕستانی کە بە شاخۆشین ناسراوە و نزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە.

شاخۆشینی لوڕستانی لە یەکێک لە سروودەکانی کە باس لە فەلسەفەی ئەم ئایینە دەکات دەفەرموێت:

یارسان وە ڕا
ڕای حەق ڕاسیەن بزانان وە ڕا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا
قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزڵگا
واتە: ئەی ئەوانەی یارپەرستن، خوداپەرستن، ڕێگای حەقپەرستی ڕێگای ڕاستییە بە باوەڕەوە بیگرنە بەر، کە بریتییە لە: پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا. هەنگاو بە هەنگاو دووی بکەون تا دەگەن بە مەنزڵگا.
بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆنترین ناوێک بۆ ئەم ئایینە و ڕاستترینیان (یارسان)ە.

هەندێک دەبێژن کە کاکەیی ناوە بۆ عەشیرەتێک، ئەمە تەنیا لە ترسا و بۆ چەواشەکردنی خەڵکی ترە، چونکە ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن هەرگیز ناڵێن کاکەیی ئاینێکی جودایە، بەڵکو خۆیان بە موسڵمان لە

قەڵەم دەدەن، کەچی لە پێنج شەرت موسڵمانێتی هیچێکیان بەجێ ناهێنن، لەلایەکی دیکەوە لە ناو کاکەییدا خەڵک هەن سەر بە عەشیرەتی جاف، چۆڵەمک، لەک، زەنگەنە، قەرەسەنی و هی دیکەیشن.

## شوێنی نیشتەجێبوونی پەیڕەوانی ئەم ئایینە

لەبەر ئەوەی ئەم ئایینە لە لوڕستانەوە سەریهەڵداوە و لە کوردستان بڵاوبووتەوە، بۆیە لوڕستان و کوردستان بە کانگاو سەرچاوەی ئەم ئایینە دەژمێردرێن و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم دوو شوێنە مەڵبەندی سەرەکیی پەیڕەوانی ئەم ئایینەن. بەڵام بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ئایینی یارسان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە، هەر لە هیندوستان و پاکستان و ئەفغانستانەوە بیگرە تا دەگاتە ئێران وعێراق تورکیا و ئازەبایجان. ئەمڕۆکە پەیڕەوانی ئەم ئایینە جگە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، هەرچی لە ئێرانە لە شارە گەورەکانی شیراز و تاران و تەوریز و هەرچی لە عێراقیشە لە بەغدا و موسڵ، هەروەها لە تورکیاش هەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئوستانی کرماشان و شار و شارۆچکەکانی و لە باشووریش کەرکووک و دەوروبەری بە مەڵبەندی سەرەکی پەیڕەوانی ئەم ئایینە دەژمێردرێن، بەڵام لە باکوور لە شارەکانی ئورفا و هەکاری و وان و دێرسم بە ناوی دیکەوە هەن.
ڕەنگە سەژمێرێکی تەواوی یارسانییەکان بە دەستەوە نەبێت، بەڵام دکتور گوڵمورادی مورادی کە خۆی کوردێکی یارسانییە پێی وایە کە ژمارەی پەیڕەوانی ئەم ئایینە تەنێ لە ئێران 2،5 ملیۆن دەبێت و لە شوێنانی دیکەش نزیکەی ملیۆنێک هەن. بە هەر حاڵ دەتوانین بڵێین لە باشووری کوردستان ئەمڕۆکە خودی شاری کەرکووک بە پایەتختی کاکەییەکان دەژمێردرێت.

## فەلسەفەی ئەهلی حەق

فەلسەفەی ئەم ئایینە لەسەر چوار کۆڵەکە وەستاوە:

یاری چار چێوەن باوەڕێ وە جا
پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا

**پاکی**: لێرەدا بە شێوەیەکی موتڵەق گوتراوە و مانایەکی گشتی دەدات و زاهیر و باتن دەگرێتەوە، بۆیە لە مانا تایبەتییەکەی درباز دەبێتە سەر پاکی و چاکیی هزر و گوفتار و ڕەفتار. ئەم بنەمایانە سێ کۆڵەکەی گرنکی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتین.
**ڕاستی**: بە مانای گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست، خووگرتن بە ئاکاری چاک و دووركەوتنەوە لە خراپە.
**نیستی**: بە مانای نابوودکردنی هەوا و هەوەسی نەفسانی، دووركەوتنەوە لە خۆپەرستی و خۆپەسەندی، زاڵبوون بەسەر ئارەزووی دونیایی و تەسلیمبوون بە ئێزدان یان توانەوە لە ئێزداندا کە قۆناخی فەنایە لە تەسەوفدا.
**ڕەدا**: بە مانای گیانی هاوکاری و فیداکاری بەرامبەر بە مەخلووقاتی ئێزدان، با ڕەنجی تۆ لە پێناوی حەسانەوەی یاراندا بێت.

## کتێبی پیرۆز

کتێبی هەرە پیرۆزی یارسانییەکان (سەرەنجام)ە، سەرەنجام لە شەش بەش یان دەفتەر پێک هاتووە:
دەورەی هەفتەوانە
بارگە بارگە
گڵێم وە کۆڵ
دەورەی چلتەن
دەورەی عابەدین

ورده سەرەنجام
سەرەنجام لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچیدا نووسراوە، واتە لە دەورەی سوڵتان سهاکدا. جگە لە سەرەنجام چەندین کتێبی دیکە هەن کە پێش یان پاش ئەو سەردەمە نووسراوە هەر لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە بیگرە تا دەگاتە سەدەی سیازدەهەمی کۆچی. واتە لە دەورەی باللولی ماهییەوە تا دگاتە کڵامی دەرویش قولی کە ژمارەی ئەو کتێبانە 24 دەفتەرە. بە شێوەیەکی گشتی بەو سروودانە دەگوترێت کڵام و بەو کەسەی کە لەبەری کردووە و دەیڵێت دەگوترێت کڵامخوان. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبە پیرۆزانە بە زاراوەی گۆران نووسراون.

## شایەتمان

یارسانییەکان شایەتمان ناهێننەوە، چونکە ئەوان لە دایکوباوکێکی یارسانی لە دایک بوون و سەریان بەو ئایینە سپێردراوە، لە جیاتیی ئەوە دەڵێن:
ئەوڵ یار ئاخر یار وە دین یار.
واتە سەرەتا خودایە، کۆتایی خودایە، باوەڕمان بە ئایینی خودایە.

## مەراسیمی دینی

یارسانییەکان هەفتەی جارێک کۆبوونەوەی ئایینی خۆیان هەیە شەوانی پێنجشەممە لەسەر ئێنی لە شوێنێک بە ناوی جەمخانە کۆدەبنەوە، خودی کۆبوونەوەکە پێی دەگوترێت جەم، دانێشتووانی جەم پێیان دەگوترێت جەمنشین. لەو کۆبوونەوانەدا سروودی ئایینی دەخوێنرێت و تەمیرە دەژەنرێت، هەروەها نیاز دەکرێت کە بریتییە لە دابەشکردنی میوە و نوقڵ و مێوژ و خورما شتی لەو بابەتە. هەروەها مانگی جارێک کۆبوونەوەیەکی گەورەتر دەکرێت، لەوێدا خواردنیش دەخورێت.

## ڕۆژوو

یارسانییەکان ساڵی جارێک سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و یەک ڕۆژ جەژن دەگرن. ڕۆژووی یارسانییەکان دەکەوێتە چلەی زستانەوە. لە لایەن خواردن و خواردنەوە و مەرجەکانی ڕۆژوو هەر وەک ڕۆژوی موسڵمانەکان وایە. پێویستە دەم و چاو و گوێ و لەش و هزری مرۆڤ بە ڕۆژوو بێت.

## خوشک و برای یاری

هەر کاکەییەک ئەگەر بیەوێت خوشک و برایەکی یاری بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، زیاتر ئەو کەسەی کە لێوەی نزیکە یانیش خەویان بە یەکەوە دیوە. ئەم خۆشک و برا یارییە لە خوشک و برای دایک وباوکی نزیکترن بۆ یەک و لە کاتی پێویستدا یارمەتیی یەکتر دەدەن، دەکرێت بگوترێت کە مرۆڤ لە ژیاندا دەکەوێتە سەختی و نەدارییەوە و پێویستی بە یارمەتی دەبێت، خوشکی برای یاری وەک بیمە یان زەمانەتێکن بۆ یەکتر. منالانی خوشک و برای یاری نابێت شوو بە یەکتر بکەن. خوشک و برای یاری دەکرێت لە توێژێکی دیکەش بێت.

## ریش و سمێڵ

کاکەیی سمێڵ دەهێڵنەوە، بەڵام ریش ناهێڵنەوە، جگە لە هەندێک سەید و دەروێش و سۆفی کە ڕێش و سمێڵ دەهێڵنەوە، من پێم وایە ئەمە لە سەرتاوە هەر بۆ ئەوە بووبێت خۆیان لە خەڵکی تر جیا بکەنەوە، دیسانەوەش وەک نیشانەیەک بۆ یەکتر ناسینەوە لەبەر ئەوەی ئایینەکە نهێنییە، لە لایەکی دیکەشەوە موسڵمانەکان بەرسمێڵیان کردووە و ڕیشیان هێشتووەتەوە، دیارە ئەمان واتە یارسانییەکان بە مەبەستی خۆجیاکردنەوە بە پێچەوانەی ئەوانیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنێ سمێڵ هێشتنەوە نابێتە نیشانەی ئەوەی کە ئەو کەسە سەر بە ئایینی یارسانە، بۆیە وشەی نهێنیشیان هەیە، کە بریتییە لە پرسیارێک و وڵامەکەی. بەڵام ڕەنگە هەموو تاکێکی یارسانی ئەو پرسیار و وەڵامەش نەزانێت.

## جگەرەکێشان، گۆشتی بەراز، خواردنەوە

لە ناو یارسانییەکاندا جگەرەکێشان جایز نییە هەروەها مەشروب خواردنەوە، یارسانی گۆشتی بەراز ناخۆن، بە پێچەوانەی ئەوە کە بۆیان هەڵبستوون بۆ لەکەدارکردنیان. ئەگەر لە سروودە ئایینیەکاندا باسی شەراب کرابێت دیارە بۆ مەبەستێکی دیکەیە، هەروەکوو بابا ناووس دەفەرموێ:

پیاڵەی ڕەحمەتم واردەن، نەواردەن شەراو
کاوەی مێرد "جەم"ەن مەلای وە مەحراو

هەر بۆیەش ئەگەر ئەنجامی خواردنەوەی ئەو پیاڵەیە مەستیی بێت، ئەوە بێگومان مەستیی عیشقێکی ئێزدانییە. شاخۆشین مەرەمۆ:

مستم ز خرابات ولی از می نه
نقلم همه نقلست حريفم شيئ نه

" مەستی بادەی یەکبوونم نە مەستی مەی. مەزەی ئەم مەستییەی من ئەو قسانەن کە دەیانکەم و حەریفەکەم هیچی پێ نییە".

## دەربارەی ژیان و مەرگ

لەبەر ئەوەی یارسانییەکان باوەڕیان بە دۆنایدۆن هەیە، واتە گەڕی ڕۆح لە لەشدا، مردن بە ئاسانی وەردەگرن، چونکە بە مردنی ئەو کەسە ڕۆح لەناو ناچێت، بەڵکوو ڕۆح دەچێتە قاڵبێکی دیکەوە و جارێکی تر دێتەوە سەر دونیا، تەنیا هیوایەکی ئەو کەسەی دەمرێت ئەوەیە جارێکی دیکە بێتەوە بەر قاپیی یارسان، واتە لە خێزانێکی یارسانی لە دایک ببێتەوە. یەکێک لە یارانی ئەم ئایینە دەربارەی مردن ئێژێت:

یاران نەتەرسان نەی سیاسەتە
مردن یاری چوون قویتەی بەتە

واتە: یا یاران، باوەڕمەندان، لەم سیاسەت مردنە نەترسن، مردنی یاری وەک خۆنوقمکردنی مراوی وایە کە لە شوێنێکی دیکەوە سەر دەردەکات.
کە منداڵێک لە دایک دەبێت ئەو خێزانە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ دەکات، کە دەشمرێت نابێت خەفەتی بۆ بخورێت، چونکە ئەوەی دەمرێت تەنێ قاڵب یان لەشی ئەو کەسەیە ڕۆح نامرێت و جارێکی تر دەژیتەوە، هەر بۆیە لە کاتی ناشتنی مردووەکە لەگەڵ ژەنینی تەمیرە سروودی ئایینی دەخوێنرێت و چەپ ودەست دەکرێت. هەندێک لە باوەڕمەندانی ئەم ئایینە دوای ناشتنی مردووەکە ئیدی سەر لە گۆڕەکەی نادەن، بەو پێیەی ئێستا ئەو لە شوێنێکی دیکەیە و دەژیت.

## ئەو دونیا

بەهەشت و دۆزەخ لەسەر ئەم دونیایەیە، باوەڕمەندانی یارسان چاوەڕێی پاداشت و سزا لە دونیایەکی دیکەدا ناکەن، هەر پاداشت و سزایەک هەبێت لەسەر ئەم گۆی زەمینەیە، بەڵام مەرج نییە لەم دۆنەدا بێت، ڕەنگە بکەوێتە دۆنی داهاتووەوە. ئەوەی سزا دەدرێت یان پاداشت وەردەگرێت ڕۆحی ئەو کەسەیە نەک لەشی، کە ئەندامێکی لەش ئازاری پێ دەگات ڕۆحی ئەو کەسەیە هەست بە ئازارەکە دەکات. ڕۆژی زیندووبوونەوە بەو مانایەیە کە مەولا پەیدا دەبێتەوە، زوڵم و ستەم و ناهەقی لەناو دەبات، دادپەروەری بەرقەرار دەکات، مەولا لە شارەزوور پەیدا دەبێت.

## توێژە ئاینییەکان

لە ناو کاکەییدا چەند توێژێک هەیە، کە پێویستە ئەم توێژانە بە ژن و ژنخوازی تێکەڵی یەکتر نەبن، چونکە هەر توێژێک ئەرکی ئایینی خۆی هەیە:

پیر
دەلیل
باوە
ئۆمی (مورید)

## چاکە و خراپە

یارسانییەکان سوێند ناخۆن. هەر سوێند خواردنێک ئەوە دەگەیەنێت کە سوێندخۆر جێگای گومان بێت، بەڵام بە پێی ئەم ئایینە باوەڕمەندانی نابێت کارێکی وا بکەن کە گومانیان لێ بکرێت، چونکە ئەمان پێویستە خۆیان لە کاری خراپە دوور بگرن، بۆ ئەم مەبەستە دڵ و دەروونی خۆیان بکەنە حاکم بەسەر خۆیانەوە، دڵ و دەروون زیاتر بە مانای ویژدان دێت، هەر کاتێ تۆ ویژدانی خۆت کرد بە حاکم بەسەر خۆتەوە ئیدی کاری خراپە ناکەیت. لە کلامی یاریدا هاتووە:

دڵ و دەروون یۆت کەرە وە شەرە
هەر کارێ بەدەن ئانە مەکەرە

## دیدی کاکەیی دەربارەی ئایینەکانی دیکە

یارسانییەکان بە چاوێ ڕێزەوە تەماشای هەموو ئایینەکانی دیکە دەکەن و پێیان وایە گشت ئایینە یەکتاپەرستییەکان هەمان ئەرزشیان هەیە و هەمووان لەبەر دەرگای ئێزدان یەک دەگرنەوە، تەنیا جیاوازییەک ئەوەیە کە ڕێگای جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر و سەرچاوەی گشت ئایینەکان هەر یەکە:

هەفتاو دووە دین گشت یەک مەقامەن
سەرچەشمەی گشتش دین بنیامەن

مەبەست لە بنیام (پیر بنیامین)ە، کەواتە سەرچاوەی هەموو ئایینەکان ئایینی یارسانە، ئایینی یارسان بە مانای ئایینی خوداپەرستان، کەس نییە باوەڕمەند بێت و بێژێت من خوداپەرست نیم، کەواتە هەموومان یارسانین، هەموومان ئەهلی حەقین.

## سەرهەڵدانی

لێرەدا کە باس لەم ئایینە دەکەین لە دەورەی سوڵتان سهاکەوە باسی لێ دەکەین و لەوێوە بە کورتی چەند قۆناخێک دەچینە دواوە تا سەرهەڵدانی ئایینەکە لە دوای پەیدابوونی ئیسلام، ئیتر لەمە بەدەر ئەگەر ئەم ئایینە بەر لە ئیسلام هەبووبێت یان نا، لەم سیمینارە جێگای نابێتەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ دەربارەی سوڵتان ئیسحاق، یان سوڵتان سهاک، ئەم زاتە کوڕی شێخ عێسای بەرزنجییە، هەر وەک سوڵتان بە خۆی دەفەرموێت:

عیسێ باوەما
(داود) باب عیسێ، (عیسێ باوە)ما

(شێخ) و (بەرزنجە)، حاجی (کاوە)ما

ئەم سەرچاوەیە دوای لێکۆڵینەوەیەکی فراوان ساڵی لەدایکبوونی سوڵتان سهاک دەگەڕێنێتەوە بۆ 716ی کۆچی و ساڵی 796 بۆ کۆچکردنی ئەم زاتە دەستنیشان دەکات.
شێخ عیسا و شێخ موسا هەردووکیان کوڕی (بابە عەلی هەمەدانی)ن، بە پێی پەڕاوی (بحر الأنساب) باوباپیری شێخ عیسا لە هەمەدانەوە باریان کردووەتە بەرزنجە. ئەم دوو برایە لە ساڵی 686ی کۆچیدا لە بەرزنجە مزگەوتێکیان دروست کردووە.
سوڵتان سهاک بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە بیروبڕوای تایبەتیی و بەهرەمەند بوون لە ئایینەکانی زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوەی، ڕێ و ڕچەی یاریی بەدیهێناوە و یارانی خۆیی کردووەتە چەند تاقمێکەوە و بۆ هەر کامێکیان ئەرکێکی تایبەتیی داناوە. ناوی ئەو تاقمانەش بەم چەشنەیە: هەفتتەن، هەفتەوان، چلتەن، یارانی قەوەڵتاس، هەفتاودوو پیرە، هەفت خەلیفە، هەفت خادم، هەفت هەفتەوان، چل چلتەنان، نەوەدونۆ پیری شاهۆ، شەست و شەش خولامی کەمەرزێرین، هەزارو یەک بەندەی خەواجە سیفەت، بەیوەر هەزار بەندە، بێوەن بەندە.

لێرەدا ناوی دوو تاقمی سەرەکی دەهێنین، کە ئەمانەن:
هەفت تەن: کە بریتین لە:

1. سەید خدری شاهۆیی، نازناوەکەی (بنیامین)ە، یان پیر بنیامین، پیری هەموو یارسانە
2. موسی سیاوە، یان موسیاوە، ناسراو بە دواد کەوەسوار، دەلیلی یارسانە
3. مەلا روکنەددینی دیمەشقی، ناسروا بە پیر موسی، دەفتەرداری سوڵتان سهاکە
4. موستەفا داودانی، بەرپرسی کاروباری بەجێگەیاندن
5. خاتوون دایراک، ناسراو بە دایە ڕەزبار، کە دایکی سوڵتان سهاکە
6. شا ئیبراهیم کوڕی محەمەدی گەورەسوار، جێگری سوڵتان بۆ کاروباری عیرفانی
7. باوە یادگار، جێگری سوڵتان بۆ کاروباری عیرفانی

هەفتەوانە: کە بریتین لە

1. سەید محەمەدی گەورەسوار
2. سەید ئەبو ئەلوەفا
3. حاجی بابوعیسی، یان سەید باوەیسی
4. سەید میر ئەحمەدی سوور، میری سوور
5. سەید مستەفای شارەزووری
6. شێخ شهابەددین، یان شێخ شابەددین
7. شێخ حەبیب شا

وەک پێشتر گوتمان سوڵتان سهاک، یان سان وەک لە هەورامان پێی دەگوترێت دامەزرێنەری ئەم ئایینە نییە بەڵکو نوێکەرەوە و یاسابۆدانەریەتی، چونکە ئەم باوەڕە کە پاشتر بووە بە ئایین بە چەند قۆناخێکی دیکەدا دەرباز بووە، وەک:

## دەورەی باڵوولی ماهی

یەکەم گرۆیەک کە دەستی کردبێت بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێکی سۆفیگەرانە کە لەوەو پاش ناوی لێنرا (یارسان، یارستان) یان کاکەیی گرۆی (باڵوولی ماهی)یە کە ناوە ڕاستییەکەی (عومەری کوڕی لەهەب)ە، ئەمەش لە سەدەی دووەمی کۆچیدا ڕووی داوە. بە پێی کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) باڵوول یەکێکە لە ناودارانی ئەم ئایینە. باڵوول و هاوبیرانی لە هەورامانەوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی باوەڕەکەیان. پاشتریش خۆی و یاوەرەکانی کە هەر هەموویان لوڕستانی بوون سەردانی ئیمام جەعفەری

سادقیان کردووە لە بەغدا و پاشتر گەڕانەتەوە بۆ کرماشان و لەوێوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی یاری و خەڵکێکی زۆر دوایان کەوتن.
لە کتێبی (دائرة المعارف)ی بوترس بوستانیدا، بەرگی پێنجەم، هاتووە کە بالوول لە شێتەکانی کوفە بووە و کوردێکی ئێرانی بووە، هەروەها یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئیمام جەعفەر ئەلسادق. هەروەها لە کتێبی (المنجد في الأدب و العلوم)دا هاتووە کە بالوول لە دەورانی هارون ئەلڕەشید ژیاوە و بە یەکێک لە عاقڵە شێتەکان دەدرێتە قەڵەم و لە ساڵی 219ی کۆچی وەفاتی کردووە.

دەروێش نەورۆزی سۆرانی لە بارەی بالوولەوە دەڵێت:

بالوول زاتێوەن زات یەکدانە
عامیان ماچان بالوول دێوانە
کێ دی دێوانە وەی تەور دانا بۆ
مەرکەو نە مەیدان گەردوون ڕانا بۆ

بالوول خۆی و هاوبیرانی لە لوڕستانەوە دەرکەوتوون و بەناو خێڵ و تیرە کوردەکاندا گەڕاون بۆ ئەوەی باوەڕەکەی خۆیان بڵاوبکەنەوە، بالوول دەفەرموێت:

ئەو واتەی یاران
ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران
هەنی مەگێڵین یەک یەک شاران
تا زیندە کەریم ئایین ئێران (ئایین کوردان)

یارانی بالوول ئەمانە بوون:
بابە لوڕەی لوڕستانی
بابە ڕەجەبی لوڕستانی
بابە حاتەمی لوڕستانی
بابە نجومی لوڕستانی

بالوول یەکەم کەسێک بوە (جەم)ی دامەزراندووە، هاوبیرانی ئەو هەفتەی جارێک کۆ بوونەوەتەوە بۆ گوێگرتن لە سرووده ئاینییەکان کە لەسەر ئاوازی تەمیرە گوتراون، ئەو شوێنی گردبوونەوەیە پاشتر بە جەمخانە ناسراوە. جەمخانە شوینی خواپەرستی و ئەنجامدانی سێرمۆنییەکانی ئایینی یارسانە.

من پێم وایە سەرهەڵدانی یەکەمی ئەم ئایینە لەسەر دەستی بالوولی ماهی و یارانی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا کە هێشتا ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بە تەواوی جێگیر نەبووبوو، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە تووشی خەڵکێکی بێگانە بوون کە ئایینێکی بیگانەیان بۆ هێنابوون بە زمانێکی بێگانە، کە هەڵگری فەرهەنگێکی بێگانەیە. هەموو ئەمانە وای لەو خەڵکە کردووە بەرامبەر بەم بارە نوییە ڕاپەڕن، بەڵام ڕاپەڕینێکی تا ڕادەیەک لەسەرخۆ و شاراوە ئەویش لە ترسی کوشتن و بڕین و زوڵم و ستەمی هێنەرانی ئەو ئایینە نوێیە، هەر بۆیە بە هۆی دۆنایدۆنەوە ناودارانی ئایینی ئیسلامیشیان خستووەتە ناو ئایینەکەوە. لەوە بەدەر کە ئایا ئەم ئایینە ئایینێکی ئەزەلییە یان نا ئەمەیان ناخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. هەر ئەمەی کە ئایینەکە خۆماڵی بووە و بە زمانی خەڵکەکە و هەڵگری فەرهەنگی ئەو خەڵکە بووە، خزمەتێکی زۆری بە زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی کورد کردووە. هەرچەندە زمانی ئایینەکە کوردی بووە، بەڵام ڕێگا لەوە نەگیراوە کە باوەڕمەندانی نەتەوەکانی دیکە بە زمانی خۆیان سروود

داڕێژن، بەڵام لە ئەنجامدانی سرمۆنییە ئایینییەکاندا تەنی زمانی کوردی زاراوەی گۆران بەکار هاتووە و تا ئێستاش بەکار دەبرێت.

## دەورەی شاخۆشین

پاشان زاتێکی دیکە بە ناوی موبارەک شای لوڕستانی کە بە شاخۆشین ناسراوە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە دایکێکی باکیرە بە ناوی جەلالە خانم کە کچی میرزا ئامانەی فەرمانڕەوای لوڕستان بووە، پەیدا بووە. ئەم زاتە هاوچەرخی بابە تاهیری هەمەدانی بووە، چاکتر بڵێین بابە تاهیر و فاتمە لوڕە لە یارانی شاخۆشین بوون. شاخۆشین و یارانی دیکەی وەک:
بابە بزرگ، کاکە ڕەدا، خوداداد، هندۆلە، میرزا ئامانە، ڕێحان خانمی لوڕستانی، لزا خان جاف و هتد.. بە دەنگی خۆش و بە ئاوازی تەمیرە سروودەکانی خۆیان بۆ یارانیان چڕیوە. باوە خۆشین لە تەمەنی شەست ساڵیدا لە ڕووباری گاماسب(هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) غەیب دەبێت و بەڵێن دەداتە یارانی کە دوای سێسەد ساڵ پەیدا ببێتەوە، بەم پێیە دوای ئەو ماوەیە شاخۆشین لە دۆنی سوڵتان سهاک لە بەرزنجە پەیدا دەبێتەوە و ئایینی یاری نۆژەن دەکاتەوە. لە کلامی نرکەی شاهەنشاهدا هاتووە:

"مێرد ئازمایش کەرد، شی وە مەعزاو
یا میهسەناو یان مەسەناو یا ماسەناو"

ئیدی (شاخۆشین) سڕ(نهێنی) دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارەگای خۆی دەباتە هەورامان. بەو ماوەی غەیب بوونەی دەگوترێت: سێسەد ساڵ سر. لە کلامی یاریدا هاتووە:

ئەو کۆی هەورامان
بارگەی "شا"م وەستەن ئەو کۆی هەورامان
زات خودایی قانیع غولامان
سیسەد ساڵ سڕ بی کەس وە پێش نەزان

## کورد و کوردستان لە سروودە ئاینییەکاندا

هەر وەک پێشتر باسمان کرد، ئەم ئایینە لە لوڕستانەوە سەری هەڵداوە و لە زۆر شوێنی کوردستاندا بڵاو بوەتەوە و ناوچەی شارەزوور بووە بە پایتەختی ئەم ئایینە بە حوکمی ئەوەی ئەم ئایینە لە دەورەی سوڵتان سهاکدا برەوێکی گەورەی هەبووە. هەر لەبەر کوردیبوونی ئەم ئایینە لە زۆر شوێنی سروودەکاندا وشەی کورد و کوردستان بەدی دەکرێت. لێرەدا هەندێک نموونە لەو سروودانە دەهێنینەوە کە ناودارانی ئەم ئایینە هۆنیویانەتەوە.

بابا سەرهەنگی داودانی لەدایکبووی ساڵی 324ی کۆچی کە لە دەوربەری چیای شاهۆ هاتووەتە دونیاوە و لە شارۆچکەی تەوێڵە لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچیدا وەفاتی کردووە، دەفەرموێت:

سەرهەنگ داودان
ئەز کە نامەن سەرهەنگ داودان
چەنی ئێرمەنان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

لێکدانەوە: من کە ناوم سەرهەنگی داودانە، لەگەڵ یارانی خۆم بە کێو و هەرداندا دەگەڕێین و تێدەکۆشین لە پێناو ئایینی کورداندا.

هەروەها پیر میکائیلی داودانی کە لە ساڵی 658ی کۆچی لە گوندی داودان لەدایک بووە و لە ساڵی 736 لە سنە وەفاتی کردووە و کوڕی شێخ موسای بەرزنجییە، واتە ئامۆزای سوڵتان سهاکە و یەکێکە لە یارانی، دەفەرموێت:

نۆزەر شای کەیان
شام بی نە ئەو دەم نۆزەر شای کەیان
سام بنیامین بی چەو گا نەو زەمان
وێنەی کورد گورد مەشی نە مەیدان

لێکدانەوە: لەو سەردەمەدا مەولا نۆزەڕی شای کەیانییەکان بوو، بنیامین لە دۆنی سام بوو، بە وێنەی کوردی گورد (ئازا) دەچووە مەیدانی جەنگ.

شاوەیس قولی کە لە گوندی دەرزیان نزیک بە شاهۆ ساڵی 810ی کۆچی هاتووەتە دونیاوە ئێژێت:

ئەسڵمەن چە کورد
بابۆم کوردەنان ئەسڵمەن چە کورد
من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد
سڵسلەی سوپای زوحاک کەردم هورد

لێکدانەوە: ئەسڵم کوردە، باوکم کوردە و ئەسڵم کوردە، من ئەو شێرەم کە لەگەڵ دەستەی گوردان (ئازایان)دا، سوپای زوحاکمان تێکشکاند.

دیسانەوەش لە مەدحی باوە یادگاردا سروود هەیە کە ناوی کوردستانی تێدا دەبرێت، وەک:

بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا
غولامان دیشان شا پەنەش بەخشا
بەرگ خۆدڕەنگی کەرد وە خەڵاتش
کورد و کوردستان دا وە بەراتش

باوە یادگار بەرگی خودڕەنگیی پۆشی، یاران بینییان کە شا سهاک پێی بەخشی، کە ئەو بەرگەی کردە خەڵاتی، کورد و کوردستانی دا بە بەراتی، بۆی کردە دیاری.

## ئاڤێستا و زەرەدشت لە سروودە ئاینییەکاندا

پەیوەندی و هێڵی هاوبەش لە نێوان یارسان و تەواوی ئایینەکانی دیکەدا هەیە، هەر لە بوداییەوە بیگرە تا دەکاتە ئیسلام، لەبەر ئەوەی بە پێی دەقی کتێبە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە یارسان یەکێکە لە ئایینە ئەزەلییەکان، واتە لە سەرەتای خەڵقەتەوە هەبووە، بەم پێیە مەسەلەیەکی سرووشتییە کە هێڵی هاوبەشی

لەگەڵ زەردەشتیشدا هەبێت. خودێ لەو ڕۆژەوە کە ئادەمیزادی لە چوار ڕەگەزی: خۆڵ، ئاو، با و ئاگر دروست کرد، ئایینی یارسانیشی قەرار دا. پیر موسی کە دۆنی فریشتە (میکائیل)ە، دەفەرموێت:

کەشان کەشانا
ئەی بینا و بونیاد کەشان کەشانا
یار داود خوڵام بەڕەی دیوانا
ئاب و خاک و باد و ئاتەش جیسما
زەردەگڵ جانا

لێکدانەوە: مەولا، واتە خودێ وێنەی ئەم گەردوونەی کێشا و لەشی مرۆڤی لە ئاو و خۆڵ و با و ئاگر دروست کرد و لە زەدەگڵێش گیانی خستە بەر.

مەولا پێشتر حەوت فریشتەی خوڵقاندبوو: جبرائیل، ئیسرافیل، میکائیل، عزرائیل، حورەلعەین، یەقیق و حەوتەمیش عەقیق، ئەم حەوت فریشتەیە دۆنی (هەفت تەن)ن و ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئێزدان بەستیان لەو دەمەدا پێی دەگوترێت، پەیمانی ئەزەلیی خاوەندکاری.
باوە یادگار یەکێکە لە هەفت تەن و دۆنی فریشتەی شەشەمە واتە (یەقیق)، هەروەها دۆنی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمام عەلییە و دیسانەوەش دۆنی هۆزانڤانی کورد بابە تاهیری هەمەدانییە، کە لێرەدا بوار نییە ئەو سروودانە بهێنینەوە کە ئەو دۆنایدۆنانە دەسەلمێنێت. باوە یادگار لە سەدەی هەشتەمدا لە گوندی شێخان لە هەرێمی هەورامان لەدایک بووە، کە باسی دۆنایدۆنی خۆی دەکات، دەفەرموێت:

زوڵاڵ کۆی زەمان
یادگارەنان زوڵاڵ کۆی زەمان
چاگا غوڵامان جەم بین جە لامان
نامش گوشتاسپ بی شام وە بێ گومان
ئەز ئەو ناوس بیم ڕۆشن کەردم مان
کاکەم زەردەشت بی پوورەی ئەسپیمان

لێکدانەوە: لە دەورەی کەیانییەکان گوشتاسپی شای کەیانییەکان مەولا بوو، زەردەشتی پەیامبەر لە نەوەی ئەسپیمان برای من بوو، خەڵکی بانگ دەکرد بۆ یەکتاپەرستی، بە هۆی تیشکی ئاگرەوە هەموو شوێنێکی ڕووناک کردەوە، من ناوس بووم، ئەوە من بووم هەموو شوێنێکم ڕووناک کردەوە، کەواتە ئاگرەکەی زەردەشت باوە یادگار بووە.
مەزارگەی باوە یادگار لە شوێنێکە بە ناوی سەرانە لە چیای داڵەهۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شا ئیبراهیم کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە گوندی شێخان لە هەورامان لەدایک بووە و دۆنی ئیبراهیمی پەیامبەرە، لە کۆمەڵە سروودێکدا بە ناوی زوڵال زوڵال، باسی ئاوێستا و زەردەشت دەکات و دەفەرموێت:

زوڵاڵ ئاوێستا
ئەسڵ دەفتەرەن زوڵاڵ ئاوێستا
بنیام زەردەشت بی دەفتەر وە دەستا
زاتش جە بادەی شەهەنشا مەستا

لێکدانەوە: ئاوێستا ئەسڵی هەموو دەفتەرەکانە، بنیامین دۆنی زەردەشت بوو، ئەو دەفتەرەی بە دەستەوە بوو (مەبەست ئاوێستایە)، زاتی ئەو مەستی فەیزی ئێزدان بوو.

پیر بنیامین، گەورەی پیرانە و یەکێکە لە هەفت تەن، دۆنی فریشتە (جبرائیل)ە، هەروەها دۆنی چەندین گەورەی پیاوی دیوە لە مێژوودا، لەوانە شاعێری گەورەی فارسیزمان حافزی شیرازی.
بە هەر حاڵ، ئاوێستا و زەردەشت لە زۆر سروودی یارساندا باس دەکرێن، بەم سروودە کۆتایی پێ دەهێنین.
پیر ڕاستگۆی قەرەداغی یەکێکە لە ناودارانی یارسان، بە پێی سەرەنجام ئەو یەکێکە لە هەفتاودوو پیرە. لە قەرەداغ لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا هاتووەتە دونیاوە و هەر لەوێ ژیاوە ولە گوندی شێخان کۆچی دوایی کردووە. پیر ڕاستگۆ دەفەرموێت:

مێردان خواجام
پەرێ ئازمایی مێردان خواجام
زەردەشت پەیدا بی وە فەرمان شام
ئاوێستاش ئاورد پەرێ خاس و عام
چەنی گومراهان ستیزا وە کۆچ
مەکۆشا پەرێ یاری شەو و ڕۆچ

لێکدانەوە: ئەی باوەڕمەندان، مەولا بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە زەردەشتی نارد، زەردەشت ئاوێستای هێنا بۆ هەموومان. ئەو بانگی یەکتاپەرستیی دەکرد، شەڕی نەیارانی دەکرد و لە پێناو بڵاوکردنەوەی یاری، شەو و ڕۆژ تێدەکۆشی.

## سەرچاوەکان:


(1) مێژووی وێژەی کوردی 1، نووسراوی صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، چاپخانە: چهر تبریز، إنتشارات ناجی، بانە کوردستان.
(2) دانشنامە نام آوران یارسان، تألیف و تفسیر دکتر صدیق صفی زادە، إنتشارات هیرمند، تهران، چاپ اول 1376
(3) ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور "سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی" بەشی یەکەم هاشم کاکەیی، گۆڤاری کاروان. ژمارە 61، ساڵی1988
(4) ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور "سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی" بەشی یەکەم هاشم کاکەیی، گۆڤاری کاروان. ژمارە 62، ساڵی1988
(5) برهان الحق تألیف نور علي الهي، لاپەڕە 333، چاپ ششم، فروردین1361
(6) کاکەیی، محەمەد ئەمین هەورامانی، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1984
(7) سرسپردگان، سید محمد علی، کتابخانە منوچهری 1364
(8) نگاهی گوذرا بە تاریخ و فلسفە اهل حق، دکتر گولمراد مرادی، 1999 سوئد، کتابفروشی ارزان
(9) دورە هفتوانە، سرانجام، صدیق صفی زادە، 1982 کتابخانە طهوری، تهران